# سەرکردایەتی کورد لە هۆڵی تاقیکردنەوەدا

عارف کەریم ـ ستۆکهۆڵم

ڕۆژی 30 ی کانوونی دووەمی 2005 هەڵبژاردنەکانی عێراق و کوردستان دەستیانپێکرد ، گەلی کورد بۆ یەکەمجار لە مێژووی تێکۆشانی سیاسی خۆیدا توانی وەکوو هێزێکی گەورەی بەرچاو بێتە مەیدان و لیستی دووەمی سەرکەوتن بەدەست بهێنێ و ناحەزانی خۆیشی سەرسام بکات .

بە پێچەوانەی بیروبۆچوونی ژمارەیەک لە ڕەوشنبیرو نیشتمانپەروەرو سیاسەتمەداری کورد لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات کە لە دڵسۆزی و پاکیی خۆیان بۆ گەل و نەتەوەکەیان پێیانوابوو کورد بەشداری هەڵبژاردنەکان نەکات باشترە ، بەپێچەوانەی ئەمەوە گەلی کورد توانی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان بکاتە خۆپیشاندانێکی گەورەی دیپلۆماسی و سیاسی لەناوەوە و دەرەوەی وڵات و سەرنجی ڕێکخراو و دەزگا نێودەوڵەتیەکان و گەلان و حکوومەتانی دنیای پێ ڕاکێشێ بەلایخۆیدا و پیشانی بدات کە گەلێکە خەباتدەکات لە بێناوی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی دیموکرات ، بەتایبەتی ئەمڕۆ عێراق شوێنێکی تایبەتی هەیە لەسەر نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، دنیای دەرەوە ( ئەمەریکا و ئەوروپا بەپلەی یەکەم ) بەچاوی سەرنج و بایەخەوە دەڕواننە ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی ناو عێراق کە کوردستانیش بەشێکی گرنگە و ئەهمیەتی تایبەتی خۆی هەیە .

هەڕەشەی بەشدارینەکردن لە هەڵبژاردنەکان بەمەبەستی فشارخستنە سەر لایەسیاسیەکانی عێراق بۆئەوەی زیاتر مل بنێن بۆ خواستە نەتەوەییەکانی گەلی کورد دەتوانرا وەکوو چەکێک بەکاربهێنرێ ، بەڵام لە دوایین جاردا کورد هەر دەبوو بەشداری بکات لە هەڵبژاردنەکاندا و بە پێچەوانەی ئەمەوە ، ئەگەر بهاتایەو بەشداری نەکردایە ، لەوانەبوو گرفت و کێشەی زۆر ئێخەی گەلەکەمانی بگرتایە وەکوو :

یەکەم/ ڕاکێشانی سەرنجی دەوڵەتان و ڕێکخراوەنێودەوڵەتییەکان بۆلای خۆی بەتایبەتی ( ئەمەریکا و ئەوروپا ) و دانی خالی لاواز بەدەستەوە سەبارەت بە پرۆسەی هەڵبژاردن و کێشەی کورد ، چونکە هەمووومان دەزانین ئەمڕۆ کورد بە تەنها ئەمەریکا و بەریتانیای بەدەستەوە ماوە و بە بێ ئەوانیش هیچ شتێک جێبەجێ نابێت .

دووەم/ قەوارەی سیاسی گەلی کورد سەبارەت بە هەڵبژاردنەکان وەکوو ئێستا دیارو ئاشکرا نەدەبوو ، جگەلەوەی کورد خۆیشی دڵنیانەبوو لەسەدا چەندی دەنگەکان بەدەست دێنێ ، جائەگەر دەنگی نەدایە ئەوا ناحەزەکانی وەکوو ئێستا سەرسام نەدەبوون و کوردیان دەخستە پەراوێزەوە و لەهەوڵداندا دەبوون بۆ گۆڕینی موعادەلە سیاسیەکە لەبەرژەوەندی خۆیان و کوردیشیان تاوانباردەکرد بەوەی نایەوێ لە پرۆسەی دیموکراتیدا بەشداری بکات .

سێیەم/ لە قۆناخی سیاسی ئێستادا ئامانجی سەرکردایەتی کورد و ئەمەریکا دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی نییە کە هەقێکی شەرعی کوردە ، بەڵکو خۆگونجاندنە لەگەڵ بارودۆخی عێراق و سیاسەتی ئەمەریکا لە ناوچەکە ( داوای ئەمڕۆی کورد ددان نانە بە فیدرالیدا لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا ) ، ئەمە بەو مانایە نا کە کورد دەست لەو ئامانجە پیرۆزە هەڵبگرێت و لە بیرخۆی بباتەوە ، نەخێر ، بۆ لەمەودوا پێویستە سەرکردایەتی کورد پێی زیاتر

دابگریێت لەسەر ئەو خاڵە گرنگانەی خزمەتی ئامانجی ناوبراو دەکەن و لە دەستووری هەمیشەییدا بیانچەسپێنێ کە دواتر دێمە سەری و لێی دەدوێم .
چوارەم/ زلهێزەکان ( بەتایبەتی ئەمەریکا ) کوردیان خستۆتە ژێر تاقیکردنەوەو کۆنترۆڵەوە و دەیانەوێ دڵنیابن لەوەی تا چ ڕادەیەک سەرکەوتووە لە خۆبەڕێوەبردن و پیادەکردنی پرۆسەی دیموکراتی و پشتگیریکردن لە مافی مرۆڤ و زەمینەخۆشکردن بۆ بازاری ئازادو کارکردن بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتی و ئاسایش . لەم حاڵەتەدا سەرکردایەتی کورد ناتوانێ سیاسەتی بۆ ڕیش چوون و سمێڵ نانە بان بگرێتەبەر .
هەڵبژاردنەکان بە پێچەوانەی خواست و بیرو بۆچوونی بەشی زۆری عەرەبی سوننە و گرووپە توندرەوەکان ، توانی بەسەرکەوتوویی ئەنجامەکان بدات بەدەستەوە ، بەتایبەتی زۆربەی دانیشتوانی عێراق بەشداریان تێداکرد و کوردیش کەوتە بەردەم ناسکترین و هەستیارترین قۆناخی چارەنووســـــاز ، قۆناخی شەڕی نووسینەوەی دەستووری هەمیشەی و دیاریکردنی مافەنەتەوەییەکان و داهاتووی کورد لە ئایندەدا .
کەوابوو هەڵبژاردنەکان و ئاکامەکانی بەشێکی کەم بوون لە سەرکەوتنەکان کە پێویستە بۆی سەرخۆش و لەخۆبایی نەبین ! و هێشتا زۆری تر ماوە لەبەر دەمماندا کە چاوەڕوانی بەلاداخستن و چارەسەری هەتاهەتایی دەکەن .
لێرەدا دەتوانم بڵێم تەنها دەستووری هەمیشەیی یە کە لە داهاتوودا دەتوانێت چارەسەری کێشە ئەتنی و سیاسی و مەزهەبییەکان بکات لە ڕێگەی گواستنەوەی دەسەڵات بۆ نوێنەرانی گەل ، هەروەها دیاریکردنی ئەرک و مافەکانی تاک لە کۆمەڵدا ، هیچ لایەنێکی سیاسی شوێنی نییە لە کۆمەڵدا ئەگەر جێگەی خۆی نەکاتەوە لە ناو دەستووردا و مافەکانی خۆی نەپارێزێ . دەستووریش لەهەلومەرجی سیاسی ئەمڕۆی عێراقدا دەبێ لەلایەن ئەو کوتلە و لیستانەوە دابڕێژرێت کە سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە لە هەڵبژاردنەکاندا ، وەکوو لیستی ئیئتلافی یەکگرتووی عێراقی ( سیستانی ) 140 کورسی ، لیستی هاوپەیمانی کوردستان 75 کورسی ، لیستی عێراقییە ( الوفاق الوطني ـ اياد علاوي ) 40 کورسی . لەگەڵ لیستە بچووکەکانی تری عێراق کەبەگشتی لەنیوان 1 ـ 5 کورسی یان بەدەست هێناوە و بە بەراورد لەگەڵ سێ لیستە سەرەکییەکەی تردا ئێجگار کەمن و بەهەرهەموویان ناگەنە زیاتر لە 20 کورسی پەرلەمان .
داڕشتنی دەستوورێکی وەکوو ئەوەی سەرەوە دەبێ پاش مشتومڕو وشەگۆڕینەوە و هاتوچۆ و دانیشتن و وەرەو بڕۆیەکی زۆربێت ، بەشێوەیەکی وەها کەهەموو لایەک مافەکانیان پارێزراوبێت ، بەتایبەتی کورد کە لە هەموولایەکەوە دەورەدراوە و دەیانەوێ بەکەمترین نرخ کێشەکەی بقەبڵێنن و بیخەنە مەزادی عەلەنییەوە!! و لە گەڵیدا ڕێکبکەون بەوشێوەیەی ئەوان دەیانەوێت ، هۆی ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ عەقلیەتی تۆزلێنیشتووی سەردەمە کۆنەکانی پەنجا تا شەست ساڵ پێش ئێستا ، ئەوکاتەی ڕژێمە دیکتاتۆرەکانی عێراق بە ئارەزووی خۆیان هەندێ مافیان بۆ کورد دەستنیشاندەکرد و بڕیاریان لەسەر دەدا و هەزار تڕومنەتیشیان بەسەریا دەکرد .
دنیای ئەمڕۆ ئەوەی دوێنێ نییە و کورد پاش خەباتێکی خوێناوی دەیان ساڵە توانیویەتی بە هەقی خۆی و بە شێوەیەکی دیموکراتیانە 75 کورسی لە ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراقدا مسۆگەربکات و ببێتە هێزی دووەم لە گۆڕەپانی سیاسیدا و بە ڕاشکاوی داوا سەرەکیەکانی خۆی ئاشکرابکات و لە ڕێگای ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانەوە لایە سیاسیەکانی تری لێ ئاگاداربکات کە بریتین لە :

* سیستمی ڤیدرالی بۆ کوردستان . * هێزی پێشمەرگە وەکوو هێزێکی رەسمی و حکوومی دانی پێدابنرێت لە کوردستاندا . * سەروەت و سامانی عێراق عادیلانەو بەپێی ڕێژەی دانیشتوان دابەش بکرێت . * کەرکووک شارێکی کوردستانییە و مادەی 58 لە یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراقدا دەبێ جێبەجێ بکرێت.

لایەنە سیاسیەکانی تری عێراق ئەم داوایەی کوردیان بەلاوە قورسە و پێ سەیرە و ڕەنگە بە هاسانی نەچنە ژێری و لەهەوڵدانی بەردەوامدابن بۆ لەباربردنی یاخود هێشتنەوەی بە هەڵواسراوەیی ، یەکەمیان لەترسی ناسیۆنالیستە عەرەبەکانە کە دەوڵەتە عەرەبییەکانیش دەگرێتەوە بەهۆی ئەوەی عێراق بەبەشێک لە نیشتمانی عەرەبی و نەتەوەو کەمایەتیەکانی ناو عێراقیش هەرهەمووی بە عەرەب لەقەڵەم دەدەن ، دووەمیان ئەمانە لە ژیانی سیاسیاندا پیادەی پرۆسەی دیموکراتییان نەکردووە و هەمیشە کێشەڕەواکەی کوردیان خستۆتە پەراوێزەوە و وەکوو کەسایەتی دووەم و سێیەم حسابیان بۆ تاکی کورد کردووە ( ئەگەر چی ژمارەیەک لەمانە لە ئەمەریکا و ئەوروپا ژیاون ، بەڵام هەموو قسەوباسێک لەسەر کورد سەرو زگی ئەمانە دێنێتە ژان ) ، بۆیە هەفتە نییە لە ڕۆژنامەیەکدا ، لە کەناڵێکی سەتەلایتدا ، لە ڕادیۆیەکی عەرەبیدا پەلاماری ئێمە نەدەن و سووکایەتیمان پێنەکەن .
سێیەمیان ئەم داوایانەی کورد بەلای ئەوانەوە بۆنی جیابوونەوەی لێدێت و پێویستە کورد دەستی لێهەڵگرێت!!! ئەمەیش مانای گێرانەوەی ئێمەیە بۆ عێراقی پێش جەنگو ڕژێمە دیکتاتۆرەکان و ڕازیبوون بە هەموو ئەو زوڵم و تاوانانەی ئەوان بەسەر ئێمەیان هێنا ، هەروەها خۆئامادەکردن بۆ شاڵاو و پەلاماری یەک لە دوای یەک لە سێبەری بەناو برایەتی کوردو عەرەبدا .هەر بۆیە ئەوان پێیان وایە کەرکووک بەشێکە لە خاکی عەرەب و کوردیش جیابوونەوەخوازە !!
چوارەمیان دەزانن کە شەش دەوڵەتە ئیقلیمیەکەی دراوسێی عێراق حساب بۆ حکوومەتی ئایندە دەکەن و زۆربەیان دەیانەوێ قسە و بریار و دەستکەوت و بەرژەوەندییان هەبێت لە عێراقدا و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ خەریکی دەستتێوەردانن ، ڕەنگە ئەمانە نەیانەوێ دڵیان بشکێنن لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی عێراق خاکی عەرەبە و نابێت پیاوەتی لەسەر خاکەکەی بکرێت!!! . جائەوەی باشە ئەمەریکا و هێزەکانی هاوپەیمان لەناوەوەی عێراقدان ، ئەگەنا هەموو شتەکان سەربەرەوخواربووبوونەوە و تێکچووبوون ، دەردی کورد گوتەنی ( سەگ ساحێبی خۆی نەدەناسییەوە ) .
ئەمڕۆ لەبەرئەوەی سیاسەتمەدارانی گۆڕەپانەکە هەرهەموویان بە ئەندازەیەکی کەم یان زۆر کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی بیری نەتەوەیی و توندڕەوەوە ، لەبەرئەوەی لەکلتوورێکەوە هاتوون عەقڵی دیکتاتۆری بەرهەم هێناوە و بەرامبەرەکەی قەبووڵ نەبوە ، جگەلەوەی شانازی زۆر دەکەن بە ئایینی ئیسلام و هەموو ئەو نەتەوەو گەل و کەمایەتیانەی عەرەب نەبوون و ئایینەکەیانی قەبووڵ کردوە ، ئەمان بە ( خەواریج ) و کەمتر لە خۆیان سەیری دەکەن ، ئەمە وای کردووە بڕوایان بە کێشەی نەتەوەیەکی دابەشکراوی وەکوو کورد نەبێت کە بە ئاڵۆزترین و گەورەترین کێشەی دنیا دەژمێردرێ و بە بێ چارەسەر ماوەتەوە وبەلاشیانەوە گرنگ نییە کورد چەند خوێنی داوە لەو پێناوەدا ، بۆیە کار گەیشتۆتە ئەوەی بە میوان و بێگانە لەقەڵەممان بدەن لەسەر خاکەکەی خۆمان ، ئیتر بۆچی بەلامانەوە سەیربێ ئەگەر ئەمانە خاوەنی ڕێباز و فەلسەفەیەکی دیاروئاشکرا نەبن ،هەوڵ و کۆششیان ئەوەبێت لە گۆشە تەسک و تاریکەکانی راستیە مەوزوعیەکاندا خۆیان ببیننەوە و دەرگا لە خۆیانو

بەرامبەرەکانیان دابخەن و پەنابەرنە بەر لێکدانەوەکانی سەدە تاریکەکان و لە ڕاستییە مێژووییەکان ڕابکەن و بترسن و تەم و مژ بخەنە سەر ڕووناکییەکان .

کەسایەتییە سیاسییە ناسراوەکانی وەکوو د. احمد الجلبی ، د. عادل عبد المهدی ، د.ابراهیم الجعفری ، د. ایاد العلاوی ، د. عدنان الباجەجی ، د.حافظ المهدی ، غازی عجیل الیاور و........... گەلێکیتر ، خەریکی چپەچپ و مقۆ مقۆ و پەیوەندی چڕوپڕی نیوان خۆیان و سەرکردایەتی کوردن و ئەوەی دوێنێ و پێرێ لە کۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراق لە لەندەن و سەلاحەدین گوترا و ئەوان پەسەندیان کرد ، ئەمڕۆ خەریکن لێی پاشگەز دەبنەوە و لێلی و تەمومژیی دەخەنە سەر قسەکانیان و پشت دەکەنە ڕاستیەکان و پێیان وایە کە ئێستا کاتی ئەو جۆرە داخوازیانە نییە و دەبێ دوابخرێت بۆ دوای دامەزراندنی حکوومەت و نووسینەوەی دەستوور . هەندێکی تریان دەڵێن کە گەلی عێراق هەمووی وەک یەکە بەبێ هیچ جیاوازییەک و نابێ لەسەر بنچینەی تایفی و نەتەوەیی چارەسەری کێشەکان بکرێت . هەندێکی تریان بڕوایان وایە کە داخوازیەکانی کورد دەبێتە هۆی دابەشبوونی عێراق . هەندێکی تر دەڵێن ئێمە هەموو موسڵمانین و پەیوەندی ئایینی و مێژوویی نێوانمان دەمانبەستێتەوە بەیەکەوە و پێویستە بڕوامان بە یەکتری هەبێت .یەکێک لەوانەی بیروبۆچوونی باشی نییە دەربارەی کورد و لەسەر نەتەوە پەرستانی عەرەب حسابە ، دەیویست لە جیاتی شێخ غازی عجیل الیاور ببێتە سەرۆک کۆمار و عەرەبەکان لەناوخۆیاندا لێی ڕاستبوونەوە و تاوانباریان کرد بەوەی کاتی خۆی لە دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو کە ئەو لەوێ میوان بووە ، دەستی ( سەرۆک کۆمار ) شێخ زاید بن سلطان ال نهیان ـ ی ماچ کردووە ، لەبەر ئەوە نابێ خۆی هەڵبژێری بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار و ئیتر دوای ئەوە ئەمیش کشایە دواوە و ئارەقی ناوچەوانی خۆی سڕیەوە!!! .

ئاخۆ کورد چی وتبێ و چۆن چۆنی وەڵامی ئەمانەی دابێتەوە و بەتەمایە چیبکات ؟

ئایا سەرکردایەتی کورد دەتوانێ ئەم ڕاستیانەی خوارەوە بکێشن بە چاوی برا عەرەبەکانماندا و دەستنیشانی هێلی سووربکەن بۆیان و ویژدانی خۆشیان ئازاراوی نەکەن :

**عێراق بە درێژایی 83 ساڵی رابوردو زیندانێک بوو بۆ گەلی کورد ، ڕاونان و داپڵۆسین و گرتن و کوشتن و وێرانکردن و بەتاڵان بردن و ئەنفال کردن و بەکارهێنانی گازی ژەهراوی بەشی ئێمەو پیشەی فاشیست ڕەفتارو ڕژێمە دیکتاتۆرە یەک لەدوای یەکەکانی عێڕاق بوو . یاسا بۆ خۆی گاڵتەجاری بوو چ جای ئەوەی یەکسانی لەبەر دەمی یاسادا هەبێ . لە وڵاتێکی نەوتییدا هەژاری و برسێتی لەدەرگای هەموو ماڵێکی دەدا .مردن خۆی کرد بە ماڵی هەزاران خێزاندا و دەیان گۆڕی بەکۆمەڵ دۆزرایەوە . هاوڵاتیی کورد نرخ و ماف و بڕیاری نەبوە و سووک سەیر کراوە .لەبەر ئەو هۆیە گرنگانەی سەرەوە کورد وای لێهاتووە خۆی بە عێراقی نەزانێت و دوو ملیۆن ئیمزا کۆبکاتەوە و داوای دەوڵەتی خۆی بکات کە هەقێکی شەرعی خۆیەتی .ئەگەر جەنابتان دەتانەوێ گەلی کورد ئێوەو عێراقی خۆش بوێت و لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا وەکوو ئێوە بە یەکسانی بژی ئەوا لە پێش هەموو شتێکدا دەبێ ددان بە ڕاستییە مێژووییەکاندا بنێن و خۆتانی لێ هەڵە نەکەن ، کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە :**

یەکەم/ عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی کورد و عەرەب پێک دێت لەگەڵ کەمایەتی نەتەوەیی تری وەکوو تورکمان ، کلدۆئاشور .
دووەم/ عێراقی عەرەبی بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب و کوردستانی عێراقیش کە لە زنجیرە چیای حەمرینەوە دەست پێدەکات بەشێکە لە نەتەوەی کوردی دابەشکراو .
سێیەم/ عێراق لە دوو کۆماری ڤیدرالی یاخود زیاتر پێکدێت ، مەبەست لەم ڤیدرالیە ( نەتەوەیی ، سیاسی ، جوگرافیە ) یەکێتی نێوان کوردو عەرەبیش لە ڤیدرالی ناوبراودا یەکێتییەکی ئارەزوومەندانەیە .
چوارەم/ عێراق دەوڵەتێکی عەلمانییە و موسڵمان و غەیرە موسڵمانی گرتۆتە خۆ و ڕێز لە ئایینی ئیسلام دەگیرێت و وەکوو یەکێک لە سەرچاوەکان سوودی لێوەردەگیرێت . کورد ئازادە لە هەڵبژاردنی ڤیدرالی ئیسلامی یان عەلمانی .
پێنجەم/ کوردستانی ڤیدرال خاوەنی حکوومەت و پەرلەمان و ئاڵاو دەستووری خۆی دەبێت و ( دەبێ دەستووری نوێی عێراق ددانی پێدا بنێت ) .
شەشەم/ هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەبێ وەکوو هێزێکی نیشتمانی کوردی بەرەسمی ددانی پێدا بنرێت و بودجەی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێت .
حەوتەم/ سەروەت و سامانی عێراق عادیلانەو بەپێی ڕێژەی دانیشتوان دابەش بکرێت ، ڕێژەیەک لە نەوتی کورد بۆ کورد بێت . هەروەها کورد هەقی هەبێت تاقیبی نەوت و سەرچاوە سروشتیەکان بکات لە کوردستاندا و بانگەشەی کومپانیای گەورەی جیهانی بکات لەهەر شوێنێکی دنیا ، ڕێککەوتننامەو پرۆتۆکۆلیان لەگەڵدا مۆر بکات .
هەشتەم/ کورد خۆی بریار دەدات لەسەر مافە رەواکانی خۆی و گەلی عەرەبی برا بۆی نییە بریاری بۆ بدات و ڕاپرسی گشتی بۆ بکات ، پێویستە دەستووری نوێی عێراق ئاماژە بەم خاڵە گرنگە بکات .هەروەها کورد هەقی ڤیتۆی هەیە و هەر بریارێکی حکوومەتی ناوەندی بە دڵ نەبوو بۆی هەیە ڕایوەستێنێت .
نۆیەم/ پێویستە هەموو قوربانیەکانی کورد بە تایبەتی ( ئەنفال ، هەڵەبجە ، بارزانیەکان ، فەیلیەکان ) قەرەبووبکرێنەوە ، هەروەها زیندانیە سیاسیەکان و دەرکراو و ڕاکردوە سیاسیەکانیش کە بەشێکن لەوان و پێویستە بودجەیەکی تایبەت تەرخان بکرێت بۆ ئەو مەبەستە .
دەیەم/عێراقی عەرەبی دەبێ ددان بنێت بە مافی چارەی خۆنوسینی کورد وەکوو میللەتان وگەلانی تری دنیا و کوردیش بۆی هەیە پاش 3 ساڵ تێپەربوون بەسەر نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا ڕاپرسی گشتی بۆخۆی بکات سەبارەت بەوەی لەعێراقی یەکگرتوودا بمێنێتەوە یاخود لێی جیاببێتەوە و دەوڵەتی خۆی دامەزرێنێ
یانزەیەم/ جیاکردنەوەی سێ دەسەڵاتەکەی یاسادانان ، جێبەجێکردن ، دادوەری لە یەکتر ، هەروەها دامەزراندنی دادگایەکی دەستووریی بۆ چاودێری و جێبەجێکردنی یاساو لێپرسینەوە لە سەرپێچیکەران .
دوانزەیەم/ ئاڵای عێراق دەبێ بگۆردرێت بۆ ئاڵایەکی تری نوێ کە کورد رای هەبێ لەسەری .
سیانزەیەم/ دەستووری نوێی عێراق دەبێ لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە پەسەند بکرێت بە شایەتی دوو دەوڵەتی زلهێزی ئەندام لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا .
چواردەیەم/ دیاریکردن و پشتگیریکردنی مافی ژنان سەبارەت بە یەکسانی ئەوان بەرامبەر بە پیاو ، هەروەها داڕشتنی یاسایەکی تایبەت بە مافەکانی منداڵ و پاراستنی ئەوان لە هەڕەشە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئایینیەکان .

پانزەیەم/ دانانی بە سەربەستییە دیموکراتیەکانی وەکوو ( بیروباوەڕ ، دەربڕین ، نووسینی ئازاد ، ڕێکخستن ، کۆبوونەوە ، خۆپیشاندان ، مانگرتن ) .
شانزەیەم/ زوبانی کوردی شان بە شانی زوبانی عەرەبی ڕەسمی دەبێت و ( دراو ، پاسپۆرت ، وەسیقە و دۆکومێنت و ئیستمارەی وەزارەتەکانیش دەگرێتەوە ) .
حەڤدەیەم/ نەهێشتنی ئاسەواری تەعریب لە هەموو کوردستاندا و گێرانەوەی هاوردەکان بۆ شوێنی خۆیان ( لە هەر جێگەیەکی کوردستان هەبن) .
ئەمانەی سەرەوە هەندێک لەو خاڵە گرنگانەن کە دەکرێ کورد پێی لەسەر دابگرێت و پێشکەشی بەرامبەرەکەی ( سیاسەتمەدارو پیاوەکانی دوارۆژی عێراق ) بکات . ئەگەر پەسەندیانکرد ئەوا مانای ئەوەیە هەڵکردن لەگەڵ ئاواندا مومکینە ، بە پێچەوانەوە ئەگەر ڕەتیانکردەوە و توومەتی جۆراوجۆری وەکوو ئینفیسالییان خستە پاڵمان و قەوانە کۆنەکانیان لێدایەوە ، ئەوا پێویستە یەکسەر وەڵامیان بدرێتەوە :
بەڵێ ئێوە ئێمەتان ناچارکردووە کە ئینفیسالی بین و پێوەلکاندنەکەی کوردستان وعێراقیش لەکۆنەوە وەکوو ئێستا هەر بەزۆربووە ، بۆیە ئێمە بڕوامان وایە کە جیابوونەوە لەیەک هەردوولامان ڕزگاردەکات لە سەرئێشەو شەڕوشۆڕ .

**ئەگەر دەتانەوێ ئینفیسالی نەبین و عێراقیی بین و ئێوەمان قەبووڵ بێت ، پێویستە لەڕوانگەی کەسێکی واقیع بین و هوشیارەوە سەیری کێشەو گرفتەکان بکەن و بێنە مەیدان و هەڵسوکەوت لەگەڵ ئێمەو کێشەی گەلەکەماندا بکەن کە 83 ساڵە بە هەڵواسراوەیی ، بە بێ چارەسەر ماوەتەوە .**

**پێویستە ئێوە لە ژوورە تاریکەکان بێنە دەرەوە و خۆتان ڕزگاربکەن لە بیری شۆڤینی و ملی ڕێبازو فەلسەفەیەکی ڕوون و ئاشکرا بگرنەبەر و بەناوی ئیسلام و پەیوەندی مێژوویی و ئایینیەوە پاشقولمان لێنەگرن .ئێمە کاتێک ئێوەمان قەبووڵە کە یەک موو بە نێوانماندا نەچێت و( حسابی گەل و نەتەوەیەکی جیاواز لە عەرەب بکەن بۆمان) و ڕێز لە تایبەتمەندی نەتەوەییمان بگرن بۆئەوەی ئێمەیش بەو پێیە ڕێز لە ئێوە بگرینەوە . داواتان لێدەکەین کە بە کردار و ڕەفتار بیسەلمێنن هەڵوێستان چۆنە بەرامبەر بە کورد . هیوادارین بە چاوی خۆمان هەنگاوە سەرەتایی و ئیجابیەکانی ئێوە ببینین بۆ ئەوەی دەستپێکردنێکی باش چاوەڕوانی هەردولامان بکات .بە پێچەوانەی ئەمەوە هەموو هەنگاوێکی سەلبی و خراپ هەردولامان بەرەو ناکۆکی و ململانێیەکی دوورودرێژ دەبات و بۆ دنیای دەسەلمێنن کە ئێوە بەدووی چارەسەردا ناگەڕێن .ئەگەر جەنابتان بە ڕاستەقینە بە دوای چارەسەری دیموکرات و یەکسان و عادیلانەدا دەگەڕێن و دەتانەوێ لەگەڵ گەلی کورد وەکوو برا بژین و بگەنە شتێک و گرژیی و ئاڵۆزیی لەمەسەلەکاندا نەهێڵن و ڕوون و ئاشکرا ( شەفاف ) قسە بکەن و بێنە مەیدان ، ئەوا پێویستە سوود لە تاقیکردنەوەی میللەتان و گەلانی دنیا وەربگرن و لەبەر ڕۆشنایی ئەوانە هەنگاو هەڵنێن دەرس و پەند لە مێژووی خوێناوی 83 ساڵەی عێراق**

**وەرگرن ، نەک قسەی دیکتاتۆرو خوێنڕێژەکانی پێشووی عێراق و توندڕەو و ئوسوولی و سەلەفیەکان بجوونەوە و بیدەنەوە بە چاوی ئێمەدا ، کورد لەمە تێری خواردوە و نایەوێ پیایدا بچێتەوە .**

ئەوەی ڕاستی بێت سیاسەتمەدارانی عەرەب ، ئەوانەی لیستەکانیان سەرکەوتنی بەدەست هێناوە لە هەڵبژاردنەکاندا ، هەڵوێست و بیروبۆچوونیان سەبارەت بە کێشەی کورد وەک یەکە و نابێ سەرکردایەتی کورد دەستخەرۆو خۆشباوەڕ بێت ، نەک هەر ئەمان و بەس ، بەڵکو چەپەکانیشیان بە ترس و لەرزەوە باسی مافی چارەی خۆنووسینی کورد دەکەن ، بۆیە تاقە ڕێگایەک کە گەلەکەمان ڕزگار دەکات لە سازش و مامەلەی سووک تەنها پێداگرتنە لە سەر مافە نەتەوەییەکان ، تەسریحات و قسەی زلی ئەم وئەو هیچ بۆ ئێمە ناکات .

بۆ ئەوەی کورد بتوانێ پێداگرێت لەسەر مافە نەتەوەییەکانی ، پێویستە لە پێش هەموو شتێکدا بیر لە پتەوکردنی ریزەکانی خۆی بکاتەوەو دەرگا لەرووی هەموو ئەوانەدا دابخات کە لەناوەوەو دەرەوەی وڵات هەوڵی ئاژاوەو گێرەشێوێنی دەدەن بۆ ئەوەی دەلاقە بخەنە ناومانەوە و ریزەکانمان تێکبدەن .

گەلەکەی ئێمە تاقیکردنەوەیەکی تاڵوتفتی هەیە لەگەڵ ناکۆکیەکان و ململانێکان و پێکدادانەکان و چیتر بەرگەی ناگرێ و رازی نییە بە دووبارەبوونەوەی چونکە نرخەکەی زۆربووە و زەرەروزیانەکانیشی زۆربوون و پێویست بە درێژدادڕیش ناکات .

عارف کەریم ــ ستۆکهۆڵم

2005/03/10